لیستە عەرەبەکانی کەرکوک هاوپەیمانی پێکدەهێنن

سێ لیستە عەرەبییەکەی پارێزگای کەرکوک کە بریتین لە لیستی هاوپەیمانی عەرەبی و هاوپەیمانی قیادە و هاوپەیمانی عروبە فراکسیۆنێکی هاوبەشیان بە ناوی فراکسیۆنی عەرەبی پارێزگای کەرکوک پێکهێنا. راکان جبوری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک لە پەیامێکی ڤیدیۆیدا رایگەیاند، هەوڵی هەمو لایەنەکان لە سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەرزدەنرخێنن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، وەک کاندیدە براوەکان لە هاوپەیمانی عەرەبی و هاوپەیمانی قیادە و هاوپەیمانی عروبە فراکسیۆنێکی هاوبەش بە ناوی فراکسیۆنی عەرەبی لە پارێزگای کەرکوک رادەگەیەنن.

ئەوەشی خستوتەوە، پێکهێنانی ئەو لیستەش لە پێناو پاراستنی شایستە و مافەکانی دەنگدەرانیان و دروستکردنی ئاشتی و ئاسایشن لە نێوان هەمو پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک.